سیخوڕێک لە موشریکەکان هات (بۆ سیخوڕی کردن بەسەر) پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- لە کاتێکدا لە سەفەردا بوو

لە سەلەمەی کوڕی ئەکوعەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «سیخوڕێک لە موشریکەکان هات (بۆ سیخوڕی کردن بەسەر) پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- لە کاتێکدا لە سەفەردا بوو، سیخوڕەکە لە نێو هاوەڵان دانیشتبوو وقسەی لەگەڵیاندا کرد، پاشان شوێنەکەی جێهێشت، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «بڕۆن وشوێنی بکەون وبیکوژن»، (سەلەمە) دەڵێت: ومنیش کوشتم، بەهۆی ئەمەوە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پشکی (بەشی لە دەستکەوتەکانی جەنگی) پیاوەکەی پێدام». ولە گێڕانەوەیەکدا: «فەرمووی: کێ ئەو پیاوەی کوشت؟ ووتیان: کوڕی ئەکوەع -ئیبن ئەکوەع-، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «هەموو پشکەکانی (بەشی لە دەستکەوتەکانی جەنگی) پیاوەکە بۆ ئەو دەبێت».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە حوکمی شەریعەتی ئیسلامی تێدایە سەبارەت بە سیخوڕی کردنی ئەو کافرانەی کە لە جەنگدان بەرامبەر مسوڵمانان، سەلەمەی کوڕی ئەکوەع -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: (سیخوڕێک لە موشریکەکان هات -بۆ سیخوڕی کردن بەسەر- پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم-): ولە فەرموودەکەدا بە (عَین) واتا: چاو؛ باسی سیخوڕەکە کراوە چونکە زۆرینەی کاری سیخوڕی کردن بە چاو ئەنجامدەدرێت وزۆر بە قووڵی وگرنگیەوە سەیری دەکرد هەروەکو ئەوا وابێت هەموو لاشەی چاو بێت. سەلەمە دەڵێت: (لە کاتێکدا -پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم- لە سەفەردا بوو). پاشان دەڵێت: (سیخوڕەکە لە نێو هاوەڵان دانیشتبوو وقسەی لەگەڵیاندا کرد، پاشان شوێنەکەی جێهێشت، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «بڕۆن وشوێنی بکەون وبیکوژن»، ومنیش کوشتم، بەهۆی ئەمەوە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پشکی -بەشی لە دەستکەوتەکانی جەنگی- پیاوەکەی پێدام»): واتا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەستکەوتەکانی جەنگی پیاوەکەی وەکو زیادەیەک وپاداشتێک بەخشی بە سەلەمە، ولە فەرموودەکە بە وشەی (سَلَبە) ناوی ئەو شتانە هێنراوە کە بەخشرا بە سەلەمەوە ئەمیش بە واتای لێسەندنەوە دێت چونکە لە پیاوەکە دەسێندرێتەوە پاش ئەوەی کوژرا ودەدرێت بە سەلەمە وئەم دەستکەیە(سَلَبە)یە بریتیە لە: سواریەکە -ئەسپ یان وشتر- وشتومەکەکانی سەر پشتی لە چەک وخواردن وئاڵتون وزیو.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/2939